# دەبێ دەست بەجێ بڕیاری وەزارەتی پەروەردە سەبارەت لێدانی قوتابیان لە لایەن مامۆستاکانەوە هەڵبوشێنرێتەوە ... لە جیاتی دەستەیەک لە مامۆستایانی کورد لە دەرەوەی وەڵات

بە کوێرەی هەواڵەکان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بە نووسراوی ژمارە 28758ی بەرواری 15-11-2006 بەشێوەیەکی ڕەسمی قوتابخانەکانی ئاگاردارکردۆتەوە کە هەر قوتابیەک سەربێچی لە ڕێنمایەکانی پەروەدە و خوێندن بکات بە توندترین شێواز سزا دەدرێت و مامۆستاکان مافی لێدانی قوتابیانیان هەیە. ئەم بڕیارە بە گوێرەی ئالیەتێکی تازەی وەزاوەتی پەروەردە دەرچووە.
ئەم بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە هەنگاوێکی گەورەیە بەرو دواوە و بواری پەروەدە لە کوردستان دەگەڕێنتەوە ڕۆژانی تاریکیی و دەبێتە مۆرێکی ڕەش لە نێوچاوانی دەسەڵاتی کوردستان لە هەموو دونیادا بە تایبەت لە ئەورپا و لە لایەن ڕێکخراوەکانی جیهانی پاراستنی مافەکانی منداڵان. هەروەها ئەو بڕیارە دژی یاساکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە سەبارەت مافەکانی منداڵان. ئێمە دەستەیەک لە مامۆستایانی کورد لە دەرەوەی وەڵات داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی کوردستان دەکەین بە زووترین کات ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە و لە جیاتی ئەوە مافەکانی منداڵان و شێوازەکانی تازەی خوێندن پەیادەبکات. دەمانەوێت بۆ وەزارەتی پەروەردە سەر ڕاست بکەین کە ئێمە لە دوای ماوەیەکی تر و ئەگەر بڕیارەکە لانەبرا، هەڵدەستین بە بڵاوکرادنەوەی بەیاننامە بە زمانەکان بیانی و پیوەندی بە هەموو ڕێکخراوە جیهانیەکان و وەزارەتەکانی پەروەردەی وڵاتەکانی ئەورپا دەکەین و دەقی بڕیاری پەسەندکراو لە لایەن وەزارتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تەسلیم بەوان دەکەین و داوایان لێدەکەین ڕۆڵی خۆیان بە کاربێنن. تەنیا شت وامان لێدەکات هەر لە ئێستاوە بەو کارە هەڵنەسین، پاراستنی ناو بانگی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە تکاتان لێدەکەین هەرچی زووە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنەوە و بە ڕاگەێنراوێکی ڕەسمی ئاگاداری گەلی کورد بکەنەوە.

akreyii@gmail. com
لە جیاتی دەستەیەک لە مامۆستایان کورد لە دەرەوەی وەڵات

...

دەقی هەواڵەکە.

لەخوێندنگاکاندا "لێدانی خوێندکار" کاری پێدەکرێتەوە

PUKmediaدڵزارحەسەن:

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بڕیاریدا هەر خوێندکارێک سەرپێچی بکات ئەوا بە "لێدان" مامۆستاکەی دەتوانێت سزای بدات.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بەنوسراوی ژمارە 28758 ی بەرواری 2006/11/5 بەشێوەیەکی ڕەسمی سەرجەم خوێندنگاکانی ئاگادارکردۆتەوە کە "هەر خوێندکارێک سەرپێچی ڕێنماییەکانی پەروەردە و خوێندن بکات بەتوندرین شێوە سزا دەدرێت".

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ئەم هەواڵەی بۆ PUKmedia پشتڕاستکردەوەو وتی: ئەم فەرمانە بەپێی ئالیەتی تازەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، سەرچاوەکە هۆکاری ئەم بڕیارەشی بۆ کەمتەرخەمی و سوودوەرگرتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانە گەڕاندەوە کە بەهۆی نەمانی سزای لێدان لەلایەن مامۆستاکانیانەوە سەرپێچی زیاتر دەکەن و گوێ بە سیستمی پەروەردە و فێرکردن نادەن و بە شێوەیەکی بەرچاویش پشت لە وانەکانیان دەکەن.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە بۆ ئەوەی نێوان مامۆستا و قوتابی بێ کێشە و گرفت بڕوات بەڕێوە بەباشمان زانیوە ئەو ئالیەتە تازەیە بگرینەبەر.

بۆ هەمان مەبەست سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر پێی ڕاگەیاندین کە ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە خوێندنگاکاندا چاکتر بکرێت و بە باشتر بەڕێوەبڕوات.